کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-4-2007 0:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# لە پەراوێزی هەڕەشەکانی بارزانی و هەڵوێستی تاڵەبانی ... عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمکی

GERMIKI@GMAIL. COM

لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو ئەوەبوو کەناڵی (ئەلعەرەبییە) ئەو چاوپێکەوتنە تایبەتەی بڵاوکردەوە کە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمدا ئەنجامی دابوو، ئەمەش بووە ڕۆژەڤی میدیاکان. بەتایبەتی ڕۆژەڤی تورکیا، کاریگەری ئەمەش کاردانەوە و ڕەنگدانەوەی خۆی هەبوو و بووە جێگای باس.

بارازانی یەکەمجاری نییە، بەو شێوەیە ڕووی قسەکانی لەتورکیا دەکات. ئەو هەڕەشانەی پێ قبووڵ ناکرێ کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکەوە ئاراستە دەکرێ. بۆ بەرسیڤدانەوەی هەڕەشەکانی تورکیاش بارزانیش هەڕەشەی کرد، چونکە یەکەم: تورکیا نەك تەنها دەیەوێت دەستێوەردانی شاری کەرکوك بکات، بەڵکو بەمافێکی ڕەوای خۆیشی دەبینێ، کەوا ئەوان وەکو وڵاتێکی دراوسێی ئێراق و هەمیش لەرێگەی تورکمانەوە دەیانەوێت دەست بخەنە نێو کاروباری ئێراق بەگشتی و شاری کەرکوك بەتایبەتی.

دووەم: تورکیا هەردەم هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ئەو دەیەوێت عەسکەتارێتی خۆی بهێنێتە نێو خاکی کوردستانەوە، بەبیانووی ئەوەی شەڕڤانەکانی هێزەکانی گەریلا پاکتاوبکەن. لەڕوانگەی هەموو وڵاتێکەوە خاك بەزاندن بەواتای بەزاندی شکۆ دێت، بەمەش تورکیا دەیەوێت ئەو شکۆیە بشکێنێت و ببەزێنێت، بۆیە نارەزایی لێ دەبێتەوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەمەش من بەباشی دەزانم کە هەمیشە هەڕەشەی ئەوە بکرێت کەوا تورکیا هەر نیازێکی خراپی هەبوو، ئەوا بەشێوازێکی تر وەڵام بدرێتەوە، بەڵام شتێکی سرنج ڕاکیش لەو دیدارەدا ئەوەبوو بارزانی مەخابن هیچ هەڵوێستێکی نەتەوەیی ئەتۆی نەنواند. چونکە لەکاتێکدا سپیکارەکە باسی کوردستانی تورکیا لێ کرد، بارزانی وەڵامێکی وای پێ نەبوو کە هەر هیچ نەبێت لایەنی مەعنەوی کوردانی باکوور پێ بەرز بکاتەوە.

دوابەدوای ئەمەش ئەوەبوو بەبیستنی ئەو قسانەی بارزانی کە کردوویەتی لەبەرامبەر تورکیادا، ئەردۆگان وەك پیشەی هەمیشەی جارێکی تر سەبارەت بەکورد ڕشایەوە.

بەڵام شتیك کەگەلەکەمانی نیگەران کرد ئەوەبوو هەر دوابەدوای ئەمە تاڵەبانی بەداخەوە جارێکی تر هەڵوێستێکی نێگەتیڤی نواند، ئەوەبوو تاڵەبانی یەکسەر تەلەفۆنی بۆ ئەرردۆغان کردبوو سەبارەت بەقسەکانی بارزانی داوای لێبردنی لێ کردبوو. ئەوە بوو هەر ڕۆژی دواتر (محەمەد عاکیف) قسەبێژی ئەردۆغان لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ووتوویەتی: جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری ئێراق بەتەلەفۆن پەیوەندی بە (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان) وە کردووە و داوای لێبردنی لەسەر ئاخاوتنەکانی بارزانی کردووە کە تورکیای نیگەران کردووە، لەقسەکانیشیدا تاڵەبانی ئاماژەی بەوەش کردووە کە درووستکردنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ تورکیادا بەلایەوە گرنگە.

سەیرە تاڵەبانی هەمووومان دەزانین بۆ یەکەمجاریشی نییە کە قسەی وابکات. بەمەش دیارە بەسیاسەتێکی بەم شێوەیە دەیەوێت خۆی لای دوژمن خۆش بکات، بەرای من ئەوەیشی بلێت تورکیا دوژمنی کورد نییە ئەوە بۆ خۆی خۆی دوژمنی کوردە، چونکە تاکە دەوڵەتێك کە هەر باوەڕی بە وجودت ناکات دەوڵەتی تورکیایە، بەمەش یەکریزی کورد لەباشووردا یەك نییە وەکو خۆیان ئاماژەی پێدەکەن یەکریزن. دەبێت ئەم جۆرە هەڵوێستانە شەرمەزار بکرێت، چونکە ئەم جۆرە هەڵوێستانە بۆخۆی بەواتای ڕازیبوونە بەهەموو شتێکی دوژمن، لەمەشدا دەرکەوت کە بەم هەڵوێستە دیارە ڕازیبوونە بەوەی کەرکوك نەگەڕێتەوە سەرهەرێم و قبووڵکردنی تەهدیدەکانی تورکیا و خۆ بەبچووك زانینە، بەتایبەت لەم ئان و ساتە هەستیارەدا نابێت هەڵوێستی وا پەسەند بکرێت. چونکە هەمووومان باش دەزانین گورگە بۆرەکانی تورك تا دوا ڕادە دژی مافە ڕەواکانی گەلەکەمانن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.